# جەلالی میرزا کەریم

سەعدوڵڵا پەرۆش



سپێدان زوو
کە بە زەنگی کاتژمێرەکەی ژوور سەری
لە خەوی شیرین رادەبوو
بۆ ماوەیێ
کپ روو دەنیشت لە بەردەم قاوە تاڵەکەی بەرامبەری
تا مەستیی شەو
لەسەری ماندووی دەردەچوو
ئینجا کە ئایەغ دەبووەوە
تا ئێوارە
بە دەفتەری بیرەوەرییە کۆنەکانیدا دەچووەوە
کەم دەدوا
کەمتر دەینووسی
چونکە شاعیرێك بوو قەدەر
دابوویە دەستی شیعرەوە چارەنووسی
بەڵام شەوان
پاش هەڵدانی پێکێك، دووان
وەك هەوری سۆز
دایدەکردە شیعری جوان
بۆ یادی یەکەم دڵداریو دوا جێژوان
تاکو شەوێکیان بە مەستی
پاش هەڵدانی دوا پەیمانەی نێو دەستی
بەژێر کاریگەری سۆزی ئاوازی مەرگەساتەوە
نوستو وە ئاگانەهاتەوە.